رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 0:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەولێر تورکیای هەژاند ... شێرزاد عومەر

(پێش هەموو شتێ لە هەڵبژاردمی ئەم ناونیشانە مەبەستم ناوچەگەرێتی نییە)

s-h-h007@hotmail. com

لەمێژساڵ بوو هەموو نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان چاوەڕوانی هەڵوێستێکی جدی و جوامێرانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردیان دەکرد لە هەمبەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی تورکیای کەمالی فاشیست، دەمێکە جامی سەبر و ئارامی هەموومان لێوان لێوی سنوربەزاندن و هەڕەشەکانی تورکیا بووە، ئەو تورکانەی کە لە زمانی تفەنگ بەولاوە هیچ زمانی تر نازانن، لە زمانی رەشەکوژی و دڕندایەتی و داگیرکاری و تاڵان و راوڕووت نازانن و ناتوانن فێری چ زمانی تر ببن.




ئەو چاوپێکەوتن و گووتارانەی سەرۆک بارزانی تەمی ئەو چاوەڕوانییە لە مێژینەی هەموو کوردێکی رەواندەوە و زۆر بە راشکاویش بە تورکیای گووتەوە" کوردستان یەك پارچەیە، ئەو سنورەی لێکیان جیادەکاتەوە دەستکردن.. !

بەڵێ... تورکە فاشیستەکان وایانزانی هەڕەشەکانیان وەکو هەموو جار بۆیان دەچێتە سەر و دەتوانن بەچاوسوور کردنەوەکانیان دەتوانن کورد لە کار و خەبات بۆ مافە رەواکانی نەتەوەیەك.

کاتێکی زۆر گونجاو و جوان بوو ئەم بەرپەرچدانەوەیەی سەرۆك بارزانی کە توانی تەواوی کورد لە هەموو دونیا یەکبخات بە یەکدەنگ و یەکرەنگ و یەك هەڵوێست تورکیا رەت بکەنەوە بەهەموو جۆرێکەوە و رای گشتی لە دژی سیاسەتە چەپەڵەکانی تورکیای کەمالی هان بدرێت.

بەرپەرچدانەوەکەی سەرۆك بارزانی گرنگی زۆری هەبوو، بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد بەگشتی، ئەوەی سەلماند بۆ برایانمان لە پارچەکانی تر کە هێشتا کاروانی خەباتی نەتەوەییمان نەوەستاوە و ئێستا وا لە دەستپێکی خەباتین بۆ ئامانجێك کە 2000 ساڵە خەونی پێوە دەبینین.. چونکە زۆر لە برا کوردەکانی پارچەکانی تر وایاندەزانی کە ئیتر باشووری کوردستان رزگارکرا دەبێت ئێمە ئەوان پشت گوێ بخەین و خۆیان خۆیان رزگار بکەن، بەڵام وتە بەنرخەکانی جەنابی سەرۆك ئەو راستیەی دووپات کردەوە کە کوردستان یەکپارچەیە و جیاوازی لە نێوان کەرکوك و دیاربەکردا نییە، ئەگەرچی تورکە فاشیستەکان هەر لە ساڵی 1991ەوە تاوەکو ئێستا بەهەموو شێوازێك دەزگا سیخوڕیەکانی خۆیان لەژێر پەردەی پارێزگاری کردن لە تورکمان و دروستکردنی (جەبهەی تورکمانی) و مانگی سوری تورکی و.. تد بۆ دژایەتی کردن و لێکترازاندنی ماڵی کورد وەگەڕ خستبوو، توانیان لە رێگەی ئەلقە لەگوێ و سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانیان گەلێك دووبەرەکی و ئاژاوە بنێنەوە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد بیر لە وەها بۆچوونێکی بارزانی ئاساییانە نەکەینەوە و هەر بە کێشەکانی خۆمانەوە خەریك بین، هاوکات پێداگرتنی تورکە فاشیستەکان لەسەر بوونی 3-4 ملیۆن تورکمان لە عێراق و بە خەیاڵ دەرچوونی ئەم بۆچونەشیان لە رۆژانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی 2006 و پارچەبوون و ئینشیقاق تێکەوتنی بەرەی بەکرێگیراو (جبهە تورکمانی) و ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی نیازە گڵاوەکانی تورکیا کە دەیویست لە رێگەی ئەو بەرەیە تورکمانەکانی عێراق بکاتە قوربانی خەونە نەزۆکەکانی بۆ گەلی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تورکمانیش ئاشکرابوو، ئیتر تەواوی هاوکێشەکانی بە ئاراستەیەکی تر چوون و تورکیای کردە ئەو موهەریجە کە هیچ نوکتەیەکی پێ نامێنی و لەسەر شانۆ دەبەزێت.

دوا کارتی دۆڕاوی تورکەکان پێداگری بوو لەسەر جێبەجێنەبوونی ماددەی (140) و بۆ ئەو مەبەستەش کارتی لەناوبردنی PKK و هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانی بەکاردەهێنا، بەخەیاڵی خاوی خۆیان وایان دەزانی ئەگەر کورد بە چاوسوورکردنەوە سەرقاڵ بکات ئیتر کورد کەرکوکیان لەبیردەچێتەوە، جگە لە نانەوە ئاژاوە و پشێوی و هاندانی عەرەبی هاوردە و شۆڤێنی و کۆنە بەعسی و هاوکاریکردنیان بۆ ئەنجامدانی کردەی خۆکوژی و کاری تیرۆریستی بۆ ئەوەی دیسانەوە کورد بەو نائارامیە سەرقاڵ بکەن، هاوکات بەنیازی راوەدوونانی گەریلاکانی PKK چەندین جار سنوری کوردستانی بەزاند و سنورەکانی دادەخست و هەڕەشەی داگیرکردن و هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستانی دەکرد، بەڵام لێدوانەکەی ئەم دواییە و دووپاتکردنەوەی هەمان بەرپەرچدانەوە لەلایەن (سەرۆك بارزانی) نەك هەر بەتەنها ئەنقەرە، بەڵکو هەموو تورکیای بە فاشیستەکانەوە هەژاند و گەورەترین داینەمۆش بوو بۆ بارگاوی کردنەوەی کوردستانیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بە هەست و نەستی نەتەوایەتی و کوردپەرستی.

باشووری کوردستان - هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.